**ئیبراهیم جاف .......... ٢٠١٠/٠٤/١٠**



## گۆڕانکاریەکانی جیهان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان

لە ساڵی ١٩٨٥ میخایل گۆرباتشۆڤ دەسەلاتی گرتە دەست و هەوڵی چارەسەری گرفتەکانی ئابووری وئازادی و سیاسی ....هتد. تەنها هەوڵێك بوو بۆ دەربازکردنی سیستەمی دەسەڵات لە قەیرانە بێ چارەکەی جیهانی کۆمەنیزم، پاشانیش هەموو هەوڵەکان بێ کاریگەربوون و جیهانی کۆمەنیزم وەك خانوویەکی لە لم دروست کراو بە سەر خاوەنەکیدا ڕووخا.

ئەوەش مەترسی خستە جیهانی بە ناو ئازاد بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و شەڕی سارد و مەترسی یەکێتی شۆرەوی بۆ سەر جیهانی ئازاد کۆتایی هات و وە جیهانی ئازاد کەوتە ژێر پرسیارەوە وبوونی بە هەمان سیستەمی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری ....هتد .

پرسیارەکان دەسەڵاتدارانی ووڵاتانی جیهانی ئازادیان خستە مەترسیەوەو زوو کەوتنە گەڕان بە دوای گۆڕانکاری ودۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ مانەوەیان وەك سیستەم و دەسەڵاتی باڵادەستی سەربازی و ئابووری جیهانی ، ئەوان زۆر زیرەکانە کەوتنە دابین کردنی دەسەڵاتی باڵای ئابووری

خۆیان لە جیهان وە پاراستنی بە هێزی سەربازی.

لە ساڵی ١٩٩٠ لە کەنداو بە تایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، وەستانی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران وە گومڕابوونی دڕندەترین ڕژێمی شۆڤینیستی عەرەبی فاشیستی لە ئێراق و وە دڕندەترین ڕژێمی ئیسلامی فاشیستی لە ئێران بە فشاری سەربازگەی سەرمایەداری چوونکە هەموو هە وڵەکانی سەربازگەی شۆرەوی بێ بەرهەم بوو لە ساڵی ١٩٩٠ هەموو تواناکانی سەربازگەی شۆرەوی دابین کرابوو بۆ گرفتەکانی ناوخۆی شۆڤیەت و سەربەخۆبوونی ووڵاتانی قەوقاس و بە ڵتیك و ئەوروپای ڕۆژهەڵات ، یەکێتی شۆرەوی هیچ فشارێکی لە دەستدا نەمابوو بە پێچەوانەوە شۆرەوی هەموو داواکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوای واژوو دەکرد ولە بەرامبەریشدا دەیان ملیارد دۆلار قەرزی یارمەتی وەردەگرت بە بێ ئەو قەرزانە شۆرەوی تووشی کارەساتی کۆمەڵایەتی وئابووری ..هتد دەبووەوە و هەوڵی ڕزگارکردنی خۆی بوو لە قەیرانەکان وهەموو دۆستەکانی خۆی بە چەن قەرزێکی گەورە بە ووڵاتانی ڕۆژئاوا فرۆشت لەو ووڵاتە فرۆشراوەکان نیکەراگۆ لە ئەمریکای ناوەڕاست وسوریاو هێزە بەرهەڵستاکارەنی فەلەستینی دژە ئیسرائیل و ئەفغانیستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جەزائیرو لیبیا لە ئەفریقیا باکوورو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە ئەورووپای ناوەڕاست و چەند ووڵات وهێزی تر.

ئەمریکاو ووڵاتانی تری ڕۆژئاوا بەرژەوەندیان کەوتە مەترسیەوەو هەڵی دابینکردنی | بەرژەوەندی پاشەڕۆژو بە تایبەتیش ووزە سروشتیەکان وەك پترۆل وگاز وئاوو ئاسن کە بە تایبەتیش زیاتر لە ٦٠٪ ووزەکان لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە و دەسەڵاتی هێزە ناسیونالیستە شۆڤینیستەکان و هێزە توندڕەوە ئیسلامیەکان بە هەموو تایفەکانیەوە وەك سونە وشیعە بە سەر ئەو ووزە سروشتیانیانەدا مەترسیەکی گەورە دروست دەکات بۆ پاشەڕۆژی ئابووری ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا ، بۆیە گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەمریکا ڕوویدا ئەوەش ئەمریکا لە سیاسەتی دامەزراندنی ڕژێمە دیکتاتۆرو میلیتاری دەستی هەڵگرت ودەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بیری دیموکراتی لە ناوبردنی یەك لە دوای یەکی ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی وەك ڕژێمی تالیبان و صەدام و ڕێگە نەدان بە کودەتای سەربازی لە تورکیاو شیلە چەند ووڵاتێکی تر.

ئەم هەموو گۆڕانکاریانە لە بەرژەوەندی گەلانی چەوساوەو ووڵات داگیرکراو بوو چەند گەلێك وە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەیان هەلەکەیان بۆ خۆیان خواستەوەو بریاری سەربەخۆیی خۆیان دا، لەوانە تەتیموری ڕۆژهەڵات و ووڵاتانی قەوقاس وچەند ووڵاتی تر،بەڵام بەداخەوە ئە وە هەلەش بۆ کورد هەڵکەوت لە ماوە ١١ ساڵدا دووجار بەڵام لە بە بیرتەسکی پارتە باڵادەستەکانی وەك یەکێتی و پارتی و پ.ك.ك . هەلەکەیان لە دەست دا.

پاش کۆڕەوەکەی خەڵکی باشووری کوردستان بۆ یەکەم جار هەستی مرۆڤایەتی لە جیهان هەژاندو فشاری خستە سەر ئەمریکاو ووڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان لە هێرشەکانی صەدام، سەرۆکی ئەو کاتەی فەرەنسا فرانسۆ میتەران وتورگۆت ئۆزال و ئێران بە فەرمی داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە کوردەکان لە کۆمەڵکوژی صەدام بپارێزن، ئێران صەدامی بە دووژمنی سەرەکی خۆی دەزانی ولە بەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی داوای پاراستنی کوردی کرد و تورگۆت ئۆزال خۆی بە ڕەسەن کوردەو هەر ئەویش بوو ڕێگەخۆشکەربوو بۆباس لە چارەسەری کێشەی کورد لە باکووری کوردستان و پاشانیش خۆی بووە قوربانی ،جەنەڕاڵەکانی تورك کوشتیان و تا ئێستاش بنەماڵەکەی داوای لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادوەری بۆ تەرمەکەی دەکەن بەڵام لەشکری تورك ڕێگەیان نادات.

پاش ئەوەی کە ناوچەی پارێزراو لە باشووری کوردستان بە سەرپەرشتی ئەمریکا دامەزراو کوردیش کەوتە ناو ستراتیژی ئەمریکاوە و سەرۆکی ئەو کاتەی فەرەنسا فرانۆ میتەران داوای لە هەردوو سەرکردەی کورد مام جەلال و کاك مەسعود بارزانی کرد کە کورد میللەتێکی چەوساوەیەو مافی دامەزراندنی ووڵاتی سەربەخۆی هەیە وئەوو یەکێتی ئەورووپا کراوەن لە ڕووی سەربەخۆیی کوردان و پشتگیری دەوڵەتی کوردی دەکەن، کورد دەبێت بریاری خۆی بدات، بەڵام بە داخەوە پارتی و یەکێتی ڕوویان کردە بەغداد و هەوڵی ڕیکەوتننامەیان لە گەڵ صەدام دەدا کە هێشتا خوێنی ئەنفال وهەڵەبجەو کۆمەڵکوژیەکان ووشك نەبوونەوە.

لە هەمان کاتدا ئەمریکاو ئەوروپا خەریکی دابینکردنی نەوتی ئازەربایجان وتورکمانستان بۆ گەیاندنی بە بازارەکانی جیهان، وە هەڵی دابینکردنی پاراستنی بۆریە نەوتەکانی ئازەربایجان بۆ مینای جیهانی تورکی ، وە ووڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵی ڕازیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بوون کە کە بۆریە نەوتەکان نەتەقێنێتەوەو ئەویش بەشێکی دەبێت ( پروپاگەندەی ئەوە دەکرا کە نزیکەی ٣٠٠ سێ سەد ملیۆن دۆلار بۆ پ.ك.ك دابین کراوە ) ئەگەر پ.ك.ك. ئەو بۆریانە نەتەقێنێتەوەو ، بەڵام دیارە پ.ك.ك. ئەو پێشنیارەی ڕەتکردوەتەوەو داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کردوەو

ویستویەتی هەڵەکە بۆ بەرژەوەندی کورد بقۆزێتەوە . ئە ڕەتکردنەوەی پ.ک.ک.وڕەوتی کۆمەنیستی پ.ک.ک. بوونە هۆکاری پیلانی نێودەوڵەتی دژی سەرۆکی پ.ک.ک. ودەستگیرکردنی وفشاری سەربازی تورکیا بۆ سەر دەوڵەتی سوریا ، سوریا ئۆجەلانی دەرکردو پیلانە نێو دەوڵەتیەکە لە کینیا پاش ڕەتکردنەوەی هەموو وولاتانی ئەوروپا بۆ وەرگرتنی ئۆجەلان وەك پەناهەندە، بەڵکو هەندێ وولاتی ئەروپا بڕیاری دەستگیرکردنی ئۆجەلانیان لە بەر هۆکاری نەووندوتیژی لایەنگرانی لە وولاتەکەیاندا بۆ نموونە ئەڵمانیا ، کاتێك دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئۆجەلان بدرێتە دادگا لە ئەڵمانیا ، ئەڵمانیا لە سەرۆکایەتی حکومەتی ئەڵمانیاوە بڕیاری دەستگیرکردنی ئۆجەلانی ڕاگرت وپیلانە نێودەوڵەتیەکە دژی ئۆجەلان سەرکەوتوو بوو وە لە هەمان کاتدا بۆریە نەوتەکانی ئازەربایجان بە دەریای ڕەش واتە گورگستاندا بۆ مینای جیهانی تورکیا دامەزران و ئە پلانەی ئەمریکاو ڕۆژئاوا سەرکەوت، وە نزیکەی لە ٨٥٪ بەرهەمی نەوتی دەریای قاسپی ئازەربایجان بۆ کۆمپانیاکانی ڕۆژئاواو بەشێکیش بۆ ڕووسیا بۆ ڕازیکردنی بۆ ئازەبایجان خۆی نزیکەی لە ١٠٪.

ساڵی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ ووتوێژەکانی وولاتانی ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی بۆریە نەوتەکانی ئازەربایجان بۆ مینای جیهانی تورکیا لە گەڵ پ.ک.ک. لە وولاتی نەرویژو وە بە سەرپەرشتی وولاتی نەرویژ بێ ئاکام بوون . وە لە گەڵ بەرژەوەندی وولاتانی ڕۆژئاوا نە ئەگونجا تورکیا لە دەست بدەن، چوونکە تورکیا ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبینی لە وولاتانی قەوقاس بۆ ئەوەی ئەو وولاتانە نەکەونە داوی ئێرانەوە، وە تورکیا رۆڵی خۆیی زۆر بە باشی بینی، کاتێك ئیسلامیەکان بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست بەرژەوەندی ڕۆژئاوا کەوتە مەترسیەوەو بۆ پاش دوو ساڵ بە کودەتایەکی سپی دەسەڵاتی ئەربەکانیان ڕووخاندو پارتەکەیشیان لە کاری سیاسی قەدەغە کرد.

ئێستا تورکیا لە لایەن پارتێکی ئیسلامیەوە بەڕیوەدەبرێ کە زۆر بە ووریانە کار دەکات بۆ ئەوەی تووشی هەمان چارەنووسی ئەربەکان نەبێتەوە وە چەندەها هەوڵ بۆ ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە درا بەڵام بێ ئاکام بوو، چوونکە پێگەیەکی جەماوەری بتەوەی پەیداکردوە.

ئێستا تورکیا پاشە ڕۆژی سیستەمی سیاسی ڕوون نیەو نیمچە مەترسیەکە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا و ئیسرائیلیش ، مەترسی دامەزراندنی بنکەیەکی ئیسلامی بە هێز لە ئێران وتورکیا وووڵاتانی قەوقاس و هێزە تیرۆریستەکانی ناوچەکە دروستبوونی ناسەقامگیری تەواوەتی لە ناوچەکە کە ژێر کۆنترۆلی ڕۆژئاوا دەربچێ بۆیە هەوڵی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرنامەی داڕێژراو لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانی هەیە، بەڵام ئێران وسوریا زوو دەستیان کرد کۆکردنەوەی هەموو هێزە توندڕەوەکانی ئیسلامی وناسیونالیستی بە هەموو شێوازێکی هاوکاری کەوتنە تێکدانی پرۆژەی هێنانی دیموکراتی بۆ ناوچەکە ئێران وسوریاو (تورکیا بە شێوازی سیاسی) هەوڵی تێکدانی دیمکراتیزەکردنی ناوچەکەن وە کاری تێکدەرانە دژی هەوڵەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە سەر بنەمای پێش ئەوەی ئەمریکا بمانکا بە خواردنی ئێوارەی ، ئێمە دەیکەینە خواردنی نیوەڕۆ.

کۆسپی گەورەی ئەمریکا ئێستا ئێرانە ، لێدانی ئێران مەترسیدارە ، چوونکە ئێران ووڵاتێکی زۆر بەرفراوانە وخاوەنی تەرسانێکی گەورەی هێزی تیرۆرە و، وە ئەگەری تەقینەوەی پلۆتۆنیۆم ویۆرانیۆم کاتی لێدانی هەیەو بە سەدان هەزار مرۆڤی ئێران و وولاتانی دراوسێی دەبنە قوربانی ئەوە دەبێتە ڕوودانی کارەساتێکی زۆر گەورەو کە ڕۆژئاوا بە گەورەترین مەترسی دەزانێ وئێرانیش دەیەوێت کارەساتی وا مەزن بخاتە ئەستۆی ئەمریکاو ئیسرائیل.

**ئێران ڕژێمێکی دڕندەی نامرۆڤانەو بە لایەوە گرنگ نیە کە پاشەکەوتی مادەی یۆرانیۆم لە بنکەکە ئەتۆمیەکانی بکات ، بۆ ئەوەی لە کاتی لێدانی سەدان هەزار قوربانی ببێت و پاشان ئەمریکاو ئیسرائیل بەو تاوانە تاوانبار بکات وناوچەکەتە بە گشتی بکاتە ڕووباری خوێن بە هۆی تیرۆری ئیسلامیەکانەوە کۆنترۆلی ناوچەکە لە دەسەڵات دەربچێت.**

**ئێران ڕۆژبەڕۆژ گومڕاتر دەبێت وهۆکاری مەترسیەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاواو ئیسرائیل دەزانێ وبۆ بەرنامە ئەتۆمیەکەی تا ببێت بەرەو پێش دەبات وهەڕەشەکانی بۆ سەر ئاشتی جیهان زیاتر دەبێت.**

**وولاتەکانی وەك ڕوسیاو چین بە شێوازێکی ژیرانە خۆیان لە ئێران دوور دەخەنەوە ، بەرژەوەندیە نەوتیەکانیان ئێستا لە گەڵ وولاتی سعودیەو قەتەرو وولاتانی تری کەنداو دەبیننەوە، بۆ نموونە چین تا ئێستا نزیکەی لە ٦٠٪ ی نەوتی کە لە ئێرانی دەکڕی ئێستا لە وولاتی سعودیە دەکڕێ ، چوونکە لێدانی ئێران شتێکی ڕوون وئاشکرایە لە لایە ن ئیسرائیلەوەو بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئیسرائیلیان پڕ چەك کردوەو دەکەن بۆ نموونە ڕۆلێتی دژە ڕۆکێت ئەگەر ساڵی ٢٠١٠ لە ئێران نەدرێت ئەوا ساڵی ٢٠١١ لێدانی ئێران حەتمیە چوونکە ئەوکاتە ئێران لە بەرنامە ئەتۆمیەکەی پێشکەوتووەو ئیسرائیلیش هەست بە مەترسی گەورە بۆ سەر ئاسایشی دەکات و گورزی کاریگەر لە ئێران دەوەشێنێ.**

**ێستا ئیسرائیل وئەمریکا کار لە ووردەکاری لێدانی ئێران دەکەن، بۆ ئەوەی کەمترین قوربانی ،گورزێکی کوشندە ی ئاراست بکەن، وە سعودیەو ئۆردون و قەتەر بە نهێنی گۆلۆپی سەوزیان بۆ ئیسرائیل داگیرساندوە بۆ بە کارهێنانی ئاسمانیان بۆ فڕۆکەکانی ئیسرائیل لە کاتی لێدانی ئێراندا.**

**مەبەستی من ئەم هەموو گۆڕانکاریانە لە ئارادان ئایا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە کوێ خەوتوون و کوا بەرەی ئامادەکاری سەتاسەری کوردستان بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو، چوونکە ئەو هەلە جارێکی تر نایەتەوە، کورد لە هەرێمی کوردستان(باشوور) لە گەڵ هەموو کەم وکورتی و گەندەڵی ودەسەڵاتی حیزب توانیان بۆ جیهانی بسەلمێنن دەتوانن فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن وباشتریش لە هەندێ وولاتی ناوچەکە.**

**ئێستا پشتگیری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەیەو ، دەبێت هەموو پارتە کوردیەکانی سەرتاسەری کوردستان لە سەر ستراتیژیەکی نەتەوەیی ونیشتیمانی ڕێکبکەون ودروشمی سەربەخۆیی وەك ئامانجی نەتەوەیی ونیشتیمانی بکەنە خەباتی سەرەکیان.**

**ئەوروپاو دۆستانی کورد لە جیهان چاوەڕێی بڕیاری کورد خۆیانن ، چوونەك تەنها کورد خۆی دەتوانێ بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات لە سەر بنەماکانی نێونەتەوەیی کە مافی چارەی خۆنووسینی هەموو نەتەوەیەکە.**

**پێس ئەوەی زلهێزە کوردیەکانی لە گەڵ داگیکەرانی وەکو تورك وفلوس وعەرەب چاوپێکەتن بۆ کردنەوەی پردی هاوکاری دروست بکەن، دەبێت ماڵی کورد ڕێکبخەن ، چوونکە داگیرکەر هیچ کات دەستی هاوکاری بۆ ناهێنێ و هەرنزیکبوونەوەیەکی داگیرکەری کوردستان لە چەند هێزێکی کوردی زۆر مەترسیدارەترە لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکسەری. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چی بەرژەوەندیەکی هاوبەش هەیە لە نێوان داگیکەرو داگیرکراودا؟.**

ئێمە ی کورد دەبێت گۆڕانکاریەکان لە ناوچەکەدا بۆ بەرژەوەند خۆمان بخولقێنین، ئەمریکا و ڕۆژئاوا پێویستیان بە هاوپەیمانی بەهێز هەیە لە ناوچەکەدا ئێمەی کورد پێویستمان بە هاوکاری وپشتگیری زلهێزەکانی وەك ئەمریکا و بەریتانیاو ئیسرائیل هەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کە سیستەمێکی دیموکرات و ئازاد کە خاوەنی ئابووریەکی بەهێز بێت ، ئێمەی کورد هەموو وزە سروشتیەکانی سەر زەوی و بن زەوەی وەك نەوت وغازو ئاوو ئاسن و ...هتد. کە جیهانی زلهێزی ئابووری وەك پێویستێکی ژیانی چەندەها جەنگی لە پێناوکردوە، ئێمە ئەو هەموو وزەمان هەیە دەبێت بە گارانتی دابین کردنی وزەکانی پاشەڕۆژ بۆ جیهانی گەورە ئابووری بگرە چین و هیندستان وەك زلهێزی داهاتوو دەبێت کورد سۆزی دابین کردنی ووزەیان پێبدات بەرامبەر پشتگیریان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ، هەموو سێتێك بە بەرامبەر بێت ئەوان شەڕی ئەفغانیستان و ئێراقیان کرد لە بۆ خاتری ئەو وزانە وە تا ئێستاش نەگەشتوونەتە ئامانج لە بەر ئەوە هاوپەیمانی بڕواپێکراویان نیە.

کاتێك چین وهندستان لە بڕیاری پاراستنی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بێ دەنگ بوون بە مانای ئە نایەت کە ئەوان دژی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردن، ئەوان بۆ خۆیان گرفتیان هەیە وەك تیبێت و کەشمیر بۆیە هەردووکیان بێ دەنگیان هەڵبژارد.

ئێمە دەبێت پەیوەندیمان لە گەڵ هەموو ئە ووڵات زلهێزانە وە ئیسرائیلیش ڕێکبخەین و دوای بەرژەوەندی کوردو کوردستان بکەوین نەك بەرژەوەندی جیهانی ئیسلامی.

هەرێمی کوردستان دەبێت ئە پارەو پوولانەی کە دەیبەخشێتە عەشیرەتە عەرەب وتورکمانەکانی ئێراق تەرخانی بکەن بۆ پەیداکردنی پشتگیری نێهونەتەوەیی لە ڕێگای ڕاگەیاندن وکەسایەتیە کوردستانیەکان و ڕێکخراوە کوردستانیەکان دامەزراندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی کوردستان کە هەموو هەوڵ خەباتێکمان بخەینە کار لە جیهان بۆ بە دیهێنانی پشتگیری بۆ کێشە ڕەواکەمان.

تەنها یەکڕیزی کوردەکان تاکە ڕیگایە بە بەدیهێنانی سەربەخۆیی، چوونکە ئێمە دۆستمان نیە هەموو بەرژەوەندی کاتی ئەو ووڵاتانەیە کە پەیوەندی لە گەڵ ئێمە دەبەستن، ئێمە دەبێت ئەو پەیوەندیانە بۆ بەرژەندی نەتەوەیی بقۆزینەوە لە سەر بنەمای هاوبەش تا سەرکەوتن.

لەم بارودۆخەدا بەڕێزام کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال دەتوانن هەموو هێزە کوردیو کوردستانیەکان لە چوارجێوەی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی ونیشتیمانی کۆبکەنەوەو وەك سەرکردەی کوردستانی دیار دەتوانن ببنە سومبۆلێکی نیشتیمانی ونەتەوەیی کە ڕابەرایەتی شۆڕشی سەربەخۆیی سەتاسەری کوردستان لە سەر گۆڕەپانی جیهانی بکەن.

ئەو دوو سەرکردە دیارەی باشووری کوردستان دەتوانن ببنە سەرکردەو ڕابەری ڕاستی گشت کوردستانیان و هەموو کوردان لە جیهان، تەنها هەڵویستە نیشتیمانیەکانیان پابەندبوونیان بە بیری کوردایەتی دەیانخاتە خانەی ڕابەرایەتی نەتەوەیی و دێنە دەرەوە لە خانەی سەرۆکی ناوچەگەری و وتیرەیی وحیزبایەتی .کاك مەسعودو مام جەلال هەموو توانا دارایی ودیپلۆماتی وسیاسی وکۆمەلایەتی و هتد لە بە دەستدایە و هەلێکی زۆر گونجاوە بۆ کورد ، کورد پێویستی بە سەرکردەیەکی نەتەوەیی هەیە کە هەموو کوردستانیان لە دەوری خۆی بۆ خەباتی سەربەخۆیی خڕبکاتەوە.